## پەڕاوی ڕێنمای بۆکەسانی سەرپەرشتیکار / چاودێر لەبابەتی چاودێری کردندا

### ١ . بەگشتی

لەکاتی وەرگرتنی ئەرکی چاودێری کردندا ، ئەرکێکی گەورەی نیشتمانی جێبەجێ دەکەیت . تۆ بەشێوەیەکی خۆبەخشانەو بەرپرسیارانەوە بەویژدانەوە ئەرکێک دەخەیتە سەرشانی خۆت ، کەدەبێت تەنها لەبەرژەوەندی کەسی چاودێر بەڕێوەی بەریت .

ڕێ وشوێنە یاساییەکان سەبارەت بە ئەرکی چاودێریکردن لەپەرەگرافەکانی ١٨٨٢ ـ ١٨٨٨ لەکتێبی یاسای مافی هاوڵاتیدا دارێژراوە .

بەپێی پەرەگرافی ١٨٨٨ لەیاسای مافی هاوڵاتی ، دەتوانرێت ژمارەیەکی زۆر لەڕێسا کارپێکراوەکان سەبارەت بە ئەرکی چاودێریکردن بۆبەکارهێنانێکی گونجاو بدۆزرێتەوە ( پەرەگرافەکانی ١٨٢١ ، ١٨٢٣ ـ ١٨٢٤ ، ١٨٢٦ ، ١٨٣٥ ـ ١٨٦٢ ، ١٨٦٤ ـ ١٨٦٧ ، ١٨٧٠ ـ ١٨٧٤ ، ١٨٧٥ بڕگەی ١ ، ١٨٧٦ بڕگەی ١ ، ١٨٧٧ ـ ١٨٨١ لەیاسای مافی هاوڵاتی) . پێشنیار دەکرێت خۆت بەم ڕێسایانە ئاشنابکەیت .

دادگای سەرپەرشتیکردن چاودێری کارەکەی تۆ دەکات وەهەموو زانیاریەکانت پێدەدات کە سەبارەت بەو پرسیارانەن کە پەیوەندی بەئەرکەکەی تۆوەهەیە .

هەرکاتێک دادگای سەرپەرشتی کردن داوایکرد ، پێویستە لەسەرت کە زانیاری سەبارەت بە برێوەبردنی ئەرکەکەتیان پێبدەیت .

تۆ بەرپرسیاریت بەرامبەر بەو زیانانەی ، کە لەئەنجامی پێشێلکردنی ئەرکەکەتەوە بەسەر کەسی سەرپەرشتیکراودا دێت ، بەتایبەتی ئەگەر تۆ دژ بەئەرکەکەت مافەکانی کەسی سەرپەرشتیکراوت فەرامۆشکردبێت . دەتوانیت لەبەرامبەر ئەم مەترسیەدا خۆت تەئمین بکەیت . سەبارەت بەمە دەتوانیت زانیاری زیاتر لەدادگای سەرپەرشتیکردنەوە وەربگریت .

دانانی پارەی کەسی سەرپەرشتیکراو / چاودێریکراو بەمەبەستی وەبەرهێنان کەبۆ خەرجییەکان پێویست نەبێت . بەشێوەیەکی سەرەکی مەبەست لەدانانی پارەیە لەسەر ئەژمارێکی بانکی کە ڕێککەوتنێکی بلۆک کردنی لەسەربێت . بەپێی پەرەگرافی ١٨٤٨ لەیاسای مافی هاوڵاتی ، دادگای سەرپەرشتیکردن دەتوانێت ڕێگەتپێبدات کەبەجۆرێکیتر پارە بەمەبەستی وەبەرهێنان دابنێیت .

### ٢ . تەنها لەکاتی چاودێری کردنی غیابیدا

لەچوارچێوەی ئەو سنورەی کە کەلەلایەن دادگای سەرپەرشتیکردنەوە بۆت دیاری کراوە ، دەبێت لەکاتی غیابیشدا سەرپەرشتی کاروباری سەروەت و سامان بکەیت هەروەها ئەگەر بازنەی ئەرکەکانت ڕێگەی پێدایت ، مافی ئەوەت هەیە لەکاتی غیابیدا نوێنەرایەتی بکەیت .

**٣ . کۆتای هێنان بە ئەرکی سەرپەرشتی کردن**

ئەرکەکەت کۆتای دێت

**ئەلف)** لەگەڵ لابردنی ئەرکی سەرپەرشتیکاری لەلایەن دادگای سەرپەرشتیکردنەوە ،
**بێ)** لەگەڵ بەئەنجام گەیاندنی تەنها ئەرکێکدا کەلەکاری سەرپەرشتیکردندا پێتسپێردراوە ،
**جیم)** لەکاتی سەرپەرشتیکردنی کەسێکدا بەشێوەی غیبابی وەڕاگەیاندنی مردنی کەسەکە یاخود دیاریکردنی کاتی مردنەکە چوارچێوەی یاسای خۆی وەرگرتبێت .